# باخەکەمان



ئێمە لەماڵەوە باخێکی جوانمان هەیە. هەمیشە بەهار، لاولاو، ڕێحانە، گوڵەباخ، شیلان، مێخەک، سەوڵ و نازنازی تێدا دەڕوێنین.

لە ناوەندی حەوشەکەدا حەوزێکی بچووکیش هەیە، کەپرێکی خۆشمان بەسەرەوە کردووە و تووڵی مێوەکانمان خستوونەتە سەر. ئەم مێوانە هەموو ساڵێک ترێ دەگرن. بۆ ئەوەی زەردەواڵە ترێکە نەخوات دایکم هێشووەکان لە توورەکە هەڵدەکێشێت تا دەمەوپاییز، ئەنجا هێشووەکان لە توورەکەکان دەردەهێنین و دەیانخۆین، کە هەندێ جاریش بە بەرسیلەیی لێیان دەکەینەوە.

---

* ڕاڤە

بەرسیلە: قۆرە، پەسیرە، ترێی هێشتا ترش

شیلان: ناوی گوڵێکە

توورەکە: کیسە

حەوشە: حەسار

زەردەواڵە: زەرگەتە

کەپر: خانووچکەیەک کە لە شووڵ و قامیش دروست کرابێت.

---

* ڕاهێنان

1. ئەم ڕستانە تەواو بکە:

ئەم مێوانە .................................... دەگرن.

دایکم هێشووەکان لە .................................... هەڵدەکێشێت.

## 2. هەر کام لەم وشانە سێ کەرەت بنووسەوە:

دەمەوپاییز .......................................

کەپر .......................................

گوڵەباخ .......................................

لاولاو .......................................

ڕێحانە .......................................

دەخۆین .......................................

دەنووسین .......................................

دەکەین .......................................

دەبێژین .......................................

---

## 3. ئەم ڕستانە پڕ کەوە:

دار سێو ............................ دەگرێت.

دار بەڕوو ............................ دەگرێت.

دار گوێز ............................ دەگرێت.

دار هەنار ............................ دەگرێت.


Copyright © Kurdi.fi